# طوندەی سەرمؤرد سەرةتايەك بؤ دةست ثيَكی ثرؤسەی ئەنفال

هةذار هوشيار مهدی
وةزارةتی خويَندنی بالَا و تويَذينەوة
زانستی زانكؤ ی ضةرموو
سةنتەر تويَذينەوةی زانكؤی ضةرموو
بؤ تاوانەكانی ئەنفال و جينؤسايد

زرار علی حسن
وةزارةتی خويَندنی بالَا و تويَذينەوة
زانستی زانكؤ ی ضةرموو
سةنتەر تويَذينەوةی زانكؤی ضةرموو
بؤ تاوانەكانی ئەنفال و جينؤسايد

**پووختە**

ميَذووی دامةزراندنی دةولَةتی عيَراق لە سةدةی رابردوو كورد وكو نةتەوةی دووةم لە دوورست بوونی ئةم دةولَةتةدا قوربانی زؤری داوة هةرجارةوة بة شيَوة و شيوازيَكی و ناويك لة لايةن دةسةلَات دارنەوة ئەنجامدراوة بة مةبةستی لة ناوبردنی هةموو يا بةشيَك لة نةتەوی كورد و ثيطەی خاكی كوردستانيش لة نيوان ضوار دولَةتاندا هةريةكة لة ولَاتانی توركيا و ئيران و عيَراق و سووريا زياتر هؤكاری لةناوبردنی ئةم نةتەوةية بوون .

من دةم ويَت باس لە باشووری كوردستان بكةم كە دةكاتة باكووری عيَراق و يةكيَكة لةو تاوانة طةورةی ئەنجامدرا، ثرؤسەی تاوانی ئەنفال بوو لە سةر دةستی رذيَمی بةعسی و دةسةلات دارانی عيَراق بوو لة سةدةی رابردوو لة سالانی (١٩٨٧-١٩٨٨) بوو بةرامبةر بة نەتەوةی كورد ئەنجام درا .

ليَرةدا بؤ بريـاردان لةسـةر ئـةو تاوانةثيوسـتيمان بـة ضـةندين ريَكـار و تويَذينـةوة ی زانسـتی ودؤكؤميَنـت هةيـة بـؤ سـةلماندين مةبةسـتی تاوانكـاری كـة دةرخسـتنی كاريطـةری تاوانةكة لة سةر قوربانيان .

طوندی سةرمؤرد يةكةم طوندی قوناغی يةكة ئەنفال بوو ويةكيَكة بوو لةو (٤٧٣٢) طوندةی كوردستان كة لة ثرؤسەی ئەنفالدا تةختة كرا دانيشتوانی طوندة كة كؤكرانەوة ثاشان بـةرةو زيندان بران، ئـةمانيش بـة شيَك بـوون لـةو (١٨٢٠٠٠) قوربـانی يةكـة لـة ثرؤسـةی ئةنفالدا بوون بة قوربانی . ووشةی كليلةكان :ئةنفال ،جينؤسايد ،سةرمؤرد

پێشەکی

لەو روانـگەیەوە کە تـاوانە نێـودەڵەتیە کـان کـاریگەری راسـتەخۆی هەیە لەسـەر هەر نەتەوەیەک بەرامـبەری ئەنجـال دەدرێـت ،هەروەهـا کـاریگەری لەسـەر ئاشـتی و ئاسـایش نـاوچەکە و جیهـان دەبێت ،کوردستانیش وەک یەکیـک لەو ناوچەنـانەی کە لە مێژووە ژیـانی تیدا بـوو و شـۆینی نیشـتەجیبوونی مرۆڤـایەتی بـوو و پـێگەی جـوگرافی گـرنگەی هەبـوو لە ناوچەکدا ،بەوهۆیشەوە نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژوو توشی چەندین شـەربوو لە نـاوچوون بـۆتەوە و یەکیـک لە دیـارترین تاوانەکـان دەژە نەتەوە کـورد کـراوە تـاوانەی ئەنفـال بـوو کە راستەخۆ بە فەرمـانی (سەدام حەسێن ) وبە سەرپەرشتاری (عەلی حەسن مەجید) ناسراو بە (عەلی کیمیاوی )دەکات ئامۆزا ی خودی (سەدام حەسێن ) و ناونانی پرۆسەکەیش لە لایەن لیوا رکن (کامل ساجد جەنابی ) بوو .

ێەم پرۆسـە سـەربازی ئامادەکـاری و پـلان پێشـوەختی بـۆ کـرا بـوو لە هەمـوو روویـکەوە بەمەبەسـتی لە نـاوبردنی دووەم نەتەوە ی عێراق ئەویشـی کورد بـوو کـا لە مـاوەیکەی دیـاری کراوەدا دەستی پێکردوو لە کۆتایی ( مانگی شباطی ساڵی ١٩٨٨ بۆ سەرتای مانگی ئایلولی ١٩٨٨ ) بە هەشـت قۆنـا غ هەمـوو ناوچەکـانی کوردسـتانی باشـووری گـرتەوە دەرئەنجـامی پرۆسـەکەش (١٨٢ هەزار هـاوڵاتی بـوونە قوربـانی و ٤٧٣٢ گونـد وێرانـوو تەختكـران و ٣٠نـاحیە و ٤ قەزا ٣١٠٠ مەزگەوت و ١٠٠ کلیسـە ) و زیـانەکی ئـابووری و ژیـنگەی گەورەی بە کوردسـتان گەیانـد تـا ئەمـرۆیش کـاریگەری مـاوە و لە نـاو بردنـی فەرهنـگ و کالتوروکوردی کە کاریگەری لەسەر کەسوکاریان ماوە لە دوای (٣٣)ساڵە .

لەدوای روخاندنی حکومەتی بەعسی و دوورستکرنەی دادگا باڵا ی تاوانەکانی عێراق دادگـای کردنـی تاوانبـاران بەعسـی دادگـا بریـاری لە (٢٠٠٧/٦/٢٤) دا کە تـاوانەی ئەنفـال وکـو تـاوانەکی جینۆسـاید بەرامبەربە کـورد ئەنجـام دراوە ،بەڵام ئەوی مـاوە ناسـاندی تـاوانەی ئەنفـال وکـو جینۆسـاید لە سـەر ئاسـتی نـاوخۆ و دەرەوە و قەرەبـوو کـردنەوە کەس و کـاری قوربانیان کە تا ئەمرۆ وکو پیویست نیە .

طرنطى توَيذينةوةكة:

لـة ريَطـةى ئـةم تويذينـةوة وةلامـى بةشيكى ئـةو ثرسيارانة دةدةريَتـةوة لـة سـةر ضـؤنيتى رووخاندن و يَران كردن و رِاطواستنى دانيشتوانى طوند ى سةرمؤرد و طوندكانى كوردستان.

طوندى سةرمؤرد يةكةم جار كارى لة سةر دةكريَت لة دواى (٣٣) سالَ تيثةر بوون بة سةر تاوانـةى ئةنفالدا تـا ئيستا هيض دامةزراويـةكى حكومـةت و ناحكومـةى تويَذينـةوةى لـة سةر نةكراوة ئةمة يةكةم جار كارى لة سةر دةكريَت.

ئامانجەكانی تویَذینەوەكە :

ئەم تویَذینەوە یە هەولَ دەدات ئەو تاوانەی كە لە ثرۆسەی ئەنفالدا ئەنجامدراوە بەرامبەر بە دانیشتوانی طوندكە و بەراواردكردنی تاوانی ئەنفال لە طەلَ بنەما یاساییة نیودەولَەتیة كاندا وكو تاوانی جینۆساید بەراورد بكات.

طریمانەی تویَذینەوە كە :

تویَذینەوەكە لە سەر ئەم طریمانەیە داریَذراوە كە رِیَكار و كردارانی لەم تاواندا ئەنجامدروا رووبداوە هەمان ریَكار و كرداری كە لە یاسايي قەدەغكردنی تاوانی جینۆساید دیاركراوە .

ریَبازی تویَذینەوە كە :

لەم تویَذینەوەیدا سەرەرِای سەردانی مەیدانەی تۆیَذەرەكان بۆ شۆیَنی ئەنجامدانی تاوان و ضاوثیكەوتنی رِاستەخۆ لەطەلَ تاوانلَیكراوان و كەس و كاری قوربانیان ،سوود لە ضەند رِیَبازیَكی تویَذینەوەبینراوە. وەك شیكاری یاسايي و ریَبازی وەسفی و ریبازی میَذووی كە بە ثیَوست تویذینەوەكە لە كات و شویَنی ثیَوستدا بەكار دەهینریت .

هەیكەلی تویَذینەوەكە :

بۆ باشتر تیَطەیشتن لە تویَذینەوە كە ،تویَذینەوەكە دابەشكراوە بەسەر دووبەشی سەرەكیدا، بە جۆریَك هەر بەشەو دابەش دەكریَت بە سەر دوو باسدا .

لە بەشي یەكەمدا بە طشتی لەدووباس ثیَكە دەیَت ناساندنی تویَذینەوە تاوانی نیَودەولَەتیەكان و تاوانەی جینۆساید و ثایەكانی و ریَكارەكانی ئەم تاوانە و هەروەها تاوانی ئەنفال كە بەرامبەری طەلی كورد ئەنجامدراەو باسی دووم لە سەر ئەنفال و قۆناغە كانی .

بەشي دووەم لە دوو باس ثیَكە دەیَت كە قۆناغی یەكە و ئەنفال بەشیَوەیكی طشتی و طوندی سەرمۆرد بە تابیەتی لەسەرەتای دەست ثیَكە و ضۆنیَتی ثرۆسكەوە تا رِاثەرین ی بەهاری سالَی (١٩٩١) كۆتایي دەرئەنجامی تویَذینەوەكە .

لە ثاش لیَكدانەوەی تەواوی بابەتەكانی ثەیوەست بەم تویذینەوەیە لیَكدانەوەی هەموو لایەنەكان و لیَكەوتەكانی لەسەركورد و ضۆنیەتی طیَرانەوەی مافە یاساكان بۆ نەتەوەی كورد، بەخستنەرِووی دەرئەنجامەكانی تویَذینەوە كە

**بەشی یەکەم / جینۆساید و ئەنفال وەک تاوانێکی نێودەڵەتی.**

**تەوەری یەکەم / چەمکەی و مێژووی جینۆساید :**

**یەکەم /چەمکەی جینۆساید: Genocide**

لة فةرهةنطی دووانييةی **Adictionary of Diplomatic terminology and )** **International relations (**دا، لة راظة عةرةبييةكةيدا بة لةناوبردنى بةكؤمةلأ هاتووة، بةلآم لة راظة ئنطليزييةكةيدا زياتر دريَذةى ثيَدةدات بةوةى بريتيية لة "لةناوبردنى كؤمةلَة مرؤييةكان بةهؤكارى بنةضةيان يان ئايينيان يان نةتةوةيان يان نةذاديانةوة ، هةروةك لة ئينسكلؤثيدياى (بلاكويل للعلوم السياسية)دا زياتر روونى دةكاتةوة بةوةى "بريتيية لة هةولَيَكى ريَكخراو بؤ لةناوبردنى طةليَك بةطشتى يان هؤزيَك يان نةتةوةيةك، كة ثالَنةر بؤ ئةوة رقليَبوونةوةى ئيتنى يان ئايدؤلؤذيية، ئةطةر كؤمةلَةيةكى نيشتمانى وادابنيَت كة كؤمةلَةيةكى تر دوذمنة و ناكريَت ئاشتةوايي لةطةلأ بكريَت و مةترسى لةسةر دروست دةكات، ئةوا لةوانةية ثيَى وابيَت لةناوبردنى ئةو كؤمةلَة شتيَكى لؤذيكيية"( ٢).

ديسان لة هةنديَك لة ئةنسكلؤثيدياكاندا، زياتر جةخت لة دياريكراوى دةكاتةوة، لة رةطةزى دياريكراو و كاتى ديارى كراو بؤ كردةى لةناوبردنةكة ، يان ثيَناسة دةكريَت بةوةى لةناوبردنيَكى بةكؤمةلَى بةمةبةستة يان كوشتاريَكى ريَكخراوة بؤ كؤمةلَيَكى هاوشيَوة لة بنةماكانى نةتةوةيي و نةذادى ، هةروةك ثيَناسةكراوة بةوةى "تاوانى تاوانةكانة"، بةوةى لة زؤربةى تاوانة نيَودةولَةتييةكان مةترسيدارتر و طةورةترة .

ئةمانة و لةرِووى ثيَكهاتةى زاراوةكةشةوة لة وشةيةكى ليَكدراو ثيَكهاتووة، لة دوو وشة:

-**3**وشةيةكى طريكى **Genos** واتا: رةطةز ، بنةضة.

-**4**وشةيةكى لاتينى **Caeder** واتا: كوشتن، فةوتاندن.

بة ليَكدانى هةردوو وشةكة (فةوتاندنى بنةضة ( **Genocide** ثيَكديَت.

يان سةبارةت بة بةشى دووةمى وشةكة، دةوتريَت لة وشةى لاتينى **Cidium** كة بة هةمان واتا ديَت، واتا كوشتن و فةوتاندن هاتووة .

ديارة لاى تويَذةرانى ئةم بوارة كؤمةلَيَك دةستةواذةى تر ديَنة بةر باس، هةنديَكيان ثؤليَن كردنى تاوانة جياجياكانة، يان هةنديَكى تريشيان بة شياوتر لة جينؤسايد دةبينريَت، بؤ نموونة دةستةواذةى (ثؤليتيسايد ( **Politicide** بؤ وةسفكردنى ئةو كؤمةلَكوذييانةى بة ثالَنةرى سياسى ئةنجامدراوون، يان دةستةواذةى ( **Ethnocide** ) بةكاردةبةن، بؤ وةسفكردنى كؤكوذى بة هؤكارى كلتوورى، بؤ نموونة ويَرانكردنى بةمةستى كلتوورى طروثيَكى ئيتنيكى، نةتةوةيي، ئاينى، يان هةر طروثيَكى تر، ديارة ئةم زاراوانة لة ذيَر

رؤشنايي فرقيي تاوانةكان و ضـةندين جؤرى ثؤليَنكردن و ضـةندين ثيَناسة بؤ ئامادةثيَدانيان ثيَشنيار كراوون.. هةنديَكيش داواى ئـةوةيان كرد ضـةمكى (ديمؤسايد ( Democide بةكارببريَت، كة طشتطيرترة (لة طريكدا ديمؤس بة واتاى دانيشتووان ياخود خـةلَك هاتووة)، بؤ طرتنةخؤى هةموو ئةو تاوانانةى لةلايةن حكومةتةكانـةوة ئةنجامدراوون، بآ رةضاوكردنى ئةوةى سةر بة ض طروثيَكى تايبةتن، ديمؤسايد ضـةمكيَكة هةموو ضـةمكةكانى جينؤسايد، ثؤليتيسايد، كؤمةلَكوذى و كارى تيرؤريستى دةولَةتى دةطريَتةوة.(٣)

**دووةم / ميَژووى جينۆسايد :**

بـةثيَى هـةموو ئـةو سةرضـاوة ميَذووييانـةى باسـيان لـة ميَـذووى دةركـةوتنى ضـةمكى جينؤسايد، لةنيَو كايةى سياسى و ياسا و ريَككةوتننامة نيَودةولَةتييةكاندا كردوة، ئةم ضةمكة ض وةك ضـةمك و ض وةكـو زاراوةش تـا سـالَى ١٩٤٤ بـةهيض شـيَوةيةك بـوونى نـةبووة، بـةلَكو لـةو سالَةدا لةلايـةن "رافايل ليمكين" Rephael Lemkin (*)ةوة داهيَنرا، بؤ طوزارشت كردن لـة لـةناوبردنى بةئةنقةست بؤ رةطـةزيَك بةطشتى يان بةشـى، ئـةوةش بـة ثالَنةرى دةمارطيرى رةطةزثةرستى يان ئايينى يان ئيستيعمارى ، كة خودى رافايل ثيَناسـةى جينؤسـايدى كـردوة بـةوةى: ((ثلانيَكـى ثةيوةنديـدار و ريَكخـراوة بـة ئامـانجى هةسـتان بـة كردةوةطـةلى جياواز ، كة مةبةست ليَى ويَرانكردنى بونياد يان بناغة جةوهةرييةكانى ذيانى كؤمةلَيَكى نةتةوةيية.....، دةكريَت لة ناو ئامانجةكانى نةخشةكةدا هةلَوةشاندنةوة و تواندنةوة هـةبيَت بؤ دامـةزراوة سياسى و كؤمةلآيةتييةكانى رؤشنبيرى ئـةو كؤمةلَـة، يان زمـانى، يان ئايينى، يان شوناسى نةتـةوةيي، يان بوونى ئابوورييانـةى، يان ويَرانكردنـى ئاسايشى كةسـى تاكـةكانى ئـةو كؤمةلَـة و بيَبةشكردنيان لـة ئـازادى و ريَـز و شكؤ))، ليمكين دواى ئـةوة لـة تويَذينـةوةيـةكى دواتريـدا هةسـتا بـة ضاكسـازى و فراوانكردنـى ثيَناسـةكةى بـؤ ئـةوةى زيـاتر طشتطيرتر بيَت بؤ نيازى لةناوبردنى كؤمةلَيَكى مرؤيي يان ئيفليج كردنى بةشيَوةيةكى بةشى يان طشتى (٤) .

ديارة ئةم كةسايةتيية ثرؤفسؤريَكى ياساناسى ثؤلَؤنى بةرةطةز يةهودى بوو و راويَذكار بـوو لـة وةزارةتـى جـةنطى ئـةمريكا ، كـة ئيَمـة ثيَمـان وايـة ئـةوةى بـة وردى لـة ذيـانى ئـةم كةسـايةتيية و هـةنطاوةكانى كـاركردنى بـؤ داهيَنـانى ئـاوا زاراوةيـةك و ثاشتر هةولَـةكانى بـؤ رازى كردنـــى ولآتـــانى نيَـــو كؤمةلَـــةى طشـــتى نةتـــةوة يـــةكطرتووةكان بـــؤ دةركردنـــى ريَككةوتننامةيـةكى نيَودةولَـةتى لـةو بارةيـةوة وردبيَتـةوة، طومـانى لـةوةدا نابيَـت ئيَـش و ئـازارى هاوئايينـة يةهودييـةكانى بـة دةسـت سياسـةتى هيتللـةر و نازييةكانـةوة ثـالَى ثيَـوة نـاوة، بـؤ كـاركردن بـؤ ئـاوا ئةجيَندايـةك، بـؤ يةكـةمجاريش لـة ميَـذوودا ئـةو تاوانانـةى لـةم

ڕێككەوتننامەیەدا ڕەنطیداوەتەوە وەك تۆمەت ئاراستەی سیستەم و كەسایەتییەكانی نازی كرا، سەبارەت بە هەوڵی جینۆساید كردنی یەهودییەكانی ئەوروثا، ئەوەش لە "دادطاییەكانی نۆرمبێرطدا ( ٥) .

دیارە تا ئێرەش ئەم ضەمكە وەك ضەمكێكی یاسایي باسی لێوە نەكراوە، بەڵكو وەك وەسفێك بۆ ئەو تاوانكاریيانەی كە ئەنجام دراوە، تەنانەت لە دادطای نۆرمبێرط لە ساڵی ١٩٤٦ ئەم تاوانە وەك وەسفی تاوانەكە باسی لێوەكراوە، بەمانای دارِشتنێكی یاسایي و ضوارضێوەیەكی یاسایي نەبووە، ثاشان لە ساڵی ١٩٤٦ هەریەك لە نوێنەرانی كوبا و هیند، یاداشتێكیان ئاراستەی كۆمەڵەی طشتی نەتەوە یەكطرتووەكان كرد و تیایدا باس لەوە دەكەن، كە تاوانی ثاكتاوكردنی ڕەطەزی وەك تاوانی نێودەوڵەتی هەژمار بكرێت، ئەم ثێشنیارەش ئاراستەی بەشی یاسایي كرا و لەدوای تاووتوێكردن و ضەند طۆرِانكارییەك برِیارێكی ثێدەركرد بەوەی (ثاكتاوكردنی ڕەطەزی تاوانێكە بەطوێرەی یاسای نێودەوڵەتی)، هەروەها بانطەشەی وڵآتانی بەشداربووی نەتەوە یەكطرتووەكانی كرد، كە لە دەستووری وڵآتانی خۆیاندا یاسایەك دابرِێژن، كە ئەم تاوانە قەدەغە بكات و سزای بۆ دابنێت، ئەمەش ئەو ضوارضێوە یاساییەی بۆ جینۆساید یاخود ثاكتاوكردنی ڕەطەزی (فەراهەم نەكرد. (٦)

**سێ یەم / رێككەوتننامەی قەدەغەكردنی تاوانی جینۆساید :**

لە ئەنجامی هەموو ئەوانەشدا، لە ٩ / ١٢ / ١٩٤٨ كۆمەڵەی طشتی نەتەوە یەكطرتووەكان، بە برِیاری ذماری ٢٦٠ هەزار (د. ٣ )، ڕێككەوتننامەی قەدەغەكردنی تاوانی جینۆسایدی خستەرِوو بۆ واذووكردن ، كە لە دەقی برِیارەكەدا هاتووە مێذووی دەستكردن بە جێبەجێكردنی: ١٢ / ١ / ١٩٥١ دەبێت بەثێی ماددەی سیازدە. ، كە ئەم ڕێككەوتننامەیە لە ( ١٩ ) ماددە ثێكهاتووە و تا كۆتایي ساڵی ٢٠٠٥ (واتا زیاتر لە نیوسەدە لە ڕێككەوتننامەكە) ١٢٦ دەوڵەت واذوویان لەسەر كردوە ، واتا تا ئەو بەروارە هێشتا نزیك بە سێیەكی دەوڵەتانی جیهان واذوویان لەسەر ڕێككەوتننامەكە نەكردوە.

لە دیَثاضەی ڕێككەوتننامەكەدا هاتووە:

ئەو لایەنانەی ڕێككەوتننامەكەیان كردوە: وایدەبینن كە كۆمەڵەی طشتی نەتەوە یەكطرتووەكان، بە برِیاری ٩٦ (د-١) لە ١١ ی كانوونی یەكەم/ دیسەمبەری ١٩٤٦ ، رایطەیاند كە ثاكتاوكردنی بەكۆمەلأ، تاوانە بەثێی یاسای نێودەوڵەتی و ناتەبایە لەطەلأ روحی نەتەوە یەكطرتووەكان و ئامانجەكانیدا و جیهانی شارستانیش ئیدانەی دەكات، هەروەك داندەنێت بەوەی كە ثاكتاوكردنی بەكۆمەلأ لە هەموو ضاخە مێذووییەكاندا زیانێكی بێشوماری طەیاندوە بە مرۆظایەتی(٧).

ئەمە و لە ريَككەوتننامەكەدا: جينۆسايد هەريەك لەم كردانەى خوارەوة دەطريَتەوة، كە ئەنجام دەدريَت بەمەبەستى ويَرانكردنى طشتى يان بەشى سەبارەت بە كۆمەلَەيەكى نەتەوەيي يان ئيتنى يان رەطەزى يان ئاينى، بەم شيَوانە:

أ–كوشتنى ئەندامانى ئەو كۆمەلَە.

ب–طەياندنى زيانى جەستەيي يان طيانى بە ئەندامانى ئەو كۆمەلَە.

ج–بە ئەنقەست دانانى ئەو كۆمەلَە لەذيَر بارودۆخيَكى ذيانى وادا، كە مەبەست ليَى لەناوبردنى فيزيكييان بيَت بە طشتى يان بەشى.

د–دانانى ريَوشويَنطەليَك بەئامانجى ئاستەنطدانان لەبەردەم لەدايكبوونى منالأ لە ناو ئەو كۆمەلَەدا.

هـ–بەزۆر طواستنەوەى منالأ لە كۆمەلَەكەوة بۆ كۆمەلَەيەكى تر (٨).

كە ئەطەر لە برِطەكانى نيَو ئەم ماددەيەى ريَككەوتننامەكە وردبينەوة، "كوشتن يان فەوتاندن " **Caeder** كە برِطەى دووەمى وشەى جينۆسايد ثيَكدەهيَنيَت، تەنها بە واتاى ئەوة نيية بەشيَوەيەكى ماددى و فيزيكى ئەندامانى كۆمەلَەكە يان بەشيَك لە ئەندامانى كۆمەلَەكە بكوذيت، بەلَكو جيا لەوة هەر بە زيانطەياندنى جەستەيي يان تيَكدانى ئاستى بذيَوى ئەو كۆمەلَەية جا بە ئابلَووقەخستنة سەر بيَت يان بە طواستنەوةيان لە شويَنى خۆيانەوة بۆ شويَنيَكى تر، كە مەبەست ليَى هەولَدان بيَت بۆ لەناوبردنيان، جا بەطشتى يان بەشى، يان ئاستەنط دانان لە بەردەميان بۆ ريَطرى كردن لە خستنەوەى وەضە، كە ديسان دەرهاويشتەكەى لەناوضوونة لە قۆناغەكانى دواترى ذيانياندا، يان بەزۆر طواستنەوەى منالأ لە كۆمەلَەيەكەوة بۆ كۆمەلَەيەكى تر، كە ئەوەش ديسان لە ناو كۆمەلَەكەى تردا دەبيَتە هۆى سرِينەوەى بيروباوەرِ يان ئيتنى يان نەذادى نەتەوەى يەكەم لە بيركردنەوەيدا، هەمووئەمانة بە تاوان ئەذماركراوون و دەضنە خانەى جينۆسايد و ثاكتاوكردنەوة.

ديسان لە ريَككەوتننامەكەدا سزا دانراوة لەسەر كردەكانى :

أ–جينۆسايد.

ب–ثلاندانان بۆ ئەجامدانى جينۆسايد.

ج–هاندانى راستەوخۆ و ئاشكرا بۆ ئەنجامدانى جينۆسايد.

د–هەولَدان بۆ ئەنجامدانى جينۆسايد.

هـ–بەشدارى كردن لە جينۆسايدا .

ئەطەر لەو برِطانەی سەرەوەش وردبينەوە، تاوانەكە تەنها ئەوە نية ئەو دەولَةتة يان ئەو تاكة، خودی كردەی جينؤسايد راستەوخؤ ئەنجام بدات، بەلَكو هەريەك لە كردەكانی تری (ثلاندانان، هاندان، هةولَدان، بةشداری كردن) لةلايةن هەر دەولَةت و تاكيَكەوة ئەنجام بدريَت، دةضيَتة خانەی خودی كردەی جينؤسايدەوة و لە ريَككةوتننامةكةدا هيض جياكارييةكی لة نيَوان خودی جينؤسايد و هيض يةك لةو ضوار كردةيةی تردا نةكردوة(٩).

**تەوەری دووەم / چەمکە و مێژوو و ڕوانگەی ئاینی بۆ ئەنفال :**

**یەکەم / چەمکە و مێژوو ی ئەنفال :**

ئةنفال وةكو زاراوة وشةيةكی عةرةبيية، بةلآم وةكو سةرضاوة و بةكارهيَنان لە قورئانی ثيرؤز و لە هةناوی قورئانی ثيرؤز و فيقهی جيهادی ئيسلامييةوة سةرضاوةی طرتووة.

))نفل)) بة جولآوی (النَّفَل) بة واتای دةسكةوت، خةلآت و بةخشين ديَت .. كؤيةكةی (أَنفال) و (نِفال)ة، خاوةنی (معجم الصحاح) مةرجيَكی تری بؤ زياد دةكات و دةلَيَت: خةلآتيَكی ئارةزوومةندانةية لةوةی كة بةخشينی ثيَويست نةكراوة ، ديسان ئيبن مةنزوريش هةمان مةرج دووبارة دةكاتةوة: هةموو بةخشينيَك بةخشةرةكةی ئارةزوومةندانة بيبةخشيَت، لة خيَركردن يان كاری ضاكة ئةوة (نافلة)ية، وةك دةوتريَت: ((نَفْله نَفَلاً وأَنْفَله إيَّاه ونِفال)) واتا خةلآت و دةستكةوتيَكی ثيَی بةخشی... لة قورئانی ثيرؤزيشدا هاتووة: ((يسألونك عن الأنفال)) دةوتريَت دةستكةوتة، ثرسياريان لةبارةوة كردوة، لةبةرئةوةی حةرام بووة لةسةر ئةوانەی ثيَش ئةوان و خوای طةورة حةلآلَی كردوة بؤ ئةمان(١٠)، ديارة ئةوةی لة ليَكدانةوةی ئايةتةكةوة باسمان كرد، مةبةست لة بةكارهيَنانييةتی لة فيقهی جيهاددا، بةلآم ئةم زاراوةية تةنها ثةيوةست نيية بةو بووارةوة، بةلَكو بؤ زؤر بواری تر بةكارديَت، لةوانة :

١-بةخشينی دياريی، لةلايةن كةسيَكةوة بة كةسيَكی تر :

وةك لة زمانی عةرةبيدا هاتووة (نفلتك تنفيلاً)، واتا ثيَتم بةخشی.

٢ -بؤ خويَنبةخشين لة مةيدانی جةنطدا بةكارديَت، ئةوةتا (الأعشى)ی شاعيری عةرةب لة ديَرِة هؤنراوةيةكدا دةلَيَت:

لئن منيت بنا عن جد معركة

لاتلفنا عن دماء القوم تنتفل .

٣-بؤ خؤشاريَزی و ثةرستش بةكارديَت، ئةوةتا (لبيد)ی شاعيری عةرةب، لە ديَرِة هؤنراوةيةكدا دةلَيَت:

إن تقوى ربنا خير نفل وبإذن الله ريثي والعجل

لە راستیدا هەموو مێژوو و کلتوری ئیسلامی بخوێنیتەوە، هەرطیز لە شوێنێکدا بەرضاوت ناکەوێت، کە لە دەستکەوتەکانی جەنطدا، مرؤظ (دیل) خرابێتە نێو ئەو دەستکەوتانەی جەنطەوە کە بە (انفال) ناودەبرێن، راغیبی ئەسفەهانیش لە ثەرتوکە بەنرخەکەیدا (المفردات في غريب القرآن)، کە ثێم وایە ناکرێت زاراوەیەکی قورئانی خوێندنەوەی بؤ بکرێت، بەبآ طەرِانەوە بؤ ئەو ثەرتوکە، ئەوە بؤضوونی تەنها بەندە نیە، بەلَکو هەموو زانایان لە خوێندنەوەی زاراوەکانی قورئاندا، دەطەرِێنەوە بؤ ئەو ثەرتوکە بەنرخە، ئەو لە دیاری کردنی وشەی ئەنفالدا دەلَێت: دەوترێت بریتیية لە دەستکەوت، ، بەلآم جیاوازی طوزارشت سەبارەت بەو هەیە...، ئەو ئەطەر وادابنرێت بەدەستهاتووە، ثێی دەوترا (دەستکەوت- غنيمة)، ئەطەریش وادابنرێت بەخشینێکە لە خواوە جیا لە ثێویست، ثێی دەوترا(نَفَل)، هەیشە جیاوازی لە نێوانیاندا دەکات لەرِووی طشتی و تایبەتییەوە، دەلَێت دەستکەوت ئەوەیە کە بەدەستدێت بە ماندووبوون یان بآ ماندووبوون، بە شایستەبوون یان بآ شایستەبوون، لە ثێش سەرکەوتن یان لە دوای، بەلآم (نَّفَل) ئەوەیە کە بؤ مرؤظ بەدەستدێت لە ثێش دابەشکردنی کؤی دەسکەت (غنيمة)دا، دەوترێتیش بریتیية لەوەی کە بەدەستدێت بؤ مسولَمانان بە بآ جەنط ....، دەوترێتیش بریتیية لەوەی جیادەکرێتەوە لە کەلوثەل و هاوشێوەی دوای ئەوەی کە دەستکەوت دابەشدەکرێت.(١١)

لێرەدا ئەطەر وردبینەوە "راغیبی ئەسفەهانی" (نفل) روون دەکاتەوە بە کەلوثەل و هاوشێوەکانی، نەك مرؤظ و دیلەکانی جەنط.

نشیکردنەوەیەکی بؤ زاراوەی ئەنفال لە قورئانی ثیرؤزدا دەتوانی بلَین بەم شێوەیە:

١-ئەنفال (أموال)ە، واتا شتوومەك، هەروەك لە هەمان سورەتی "أنفال"دا، ئایەتی ((واعلموا أنما غنمتم من شيء)دا هاتووە، کە (شيء) بە مانای شتوومەك دێت.

٢)-من الكفار) واتا لە بێباوەرِانی جەنطاوەر.

٣)-قهراً بقتال) واتا شتوومەکەکان شتی بەجێماوی مەیدانی جەنطەکەیە، نەك هی مالأ و نێو لادآ و شارەکان.(١٢)

ئەنفال لە ئیسلامدا یەکیکە لە سورەکانی قورئان پیرۆزە کە هەشت مەین سورەت لە کۆی (١١٤) سورەتدا و لە (٧٥) ئایەت پێکاتوو لە ساڵی (٢) کۆچی بەرامبەر بە(٦٢٤) زانی لە شەری گەورەی بەدر دابەزیووە ( ٩) . خوا ی گەورە دەفەرمیت (يسالونک عن الانفال قل الانفال لله و الرسول فاتقوا الله واصلحو اذات بينكم وا طيحوا الله و رسول آن كنتم مومنين) ( ١٣).

**دووەم / ثيادەكردنى لەلايەن رذيَمى عيَراقەوة :**

رژێمی بەعسی بە سەرۆکایەتی خودی ( سەدام حەسێن ) و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆرش بە بریاری ژمارە (١٦٠) لە بەرواری (٢٩-٣-١٩٨٧ ) دا (عەلی حەسن مەجید ) ئامۆزا ی کردە سەرۆکی نووسینگە ریکخستن باکوور لە شار کەرکوک تەواوی دەسەڵاتی سەربازی و رامیاری دەرا بە (عەلی حەسن مەجید ) .

(عەلی حەسن مەجید ) بریاری ژمارە (٤٠٠٨/٢٨) لە بەرواری ( ٢٠-٦-١٩٨٧ ) دەرکرد بۆ هەر سێ فەیلەقی یەکە و دوو وپێنج و بریار درا بوو بە دیاری کردنی ناوچەی قەدەغە کراوە بەتابیە گوندەکانی کوردستان راگوستنیان لە سەر ئاو و خاکەی خۆیان (١٤).

شتيَكى روونة و يةكيَكة لة ناشيرينترين تاوانةكانى ثاكتاوكردنى بةكؤمةلأ لة ميَذووى هةموو جيهاندا، كة ئةم ثرؤسةية لةنيَوان ٢٣ ى شوبات – ٦ ى ئةيلوولى ١٩٨٨ لة هةشت قؤناغى يةك لةدواى يةكدا روويدا، كة تةواوى طوندةكانى باشوورى كوردستان و زؤربةى شارةديَكان و تةنانةت هةنديَك شارؤضكةشى طرتةوة، تيايدا هةزاران لة ثياو و ذن و منالَى كورد يان بة طازى قةدةغةكراوى نيَودةولَةتى كوذراو و بريندار بوون يان راثيَضى زيندانةكانى ئةو رذيَمة كران و بةشيَوازى جؤراوجؤر لة برسى كردن و طوللةباران كردن و زيندةبةضالأ، يان لةوانةية بة ريَطاى نامرؤظانةى تريش كة تةنها خودى ئةو رذيَمة بيزانيَت و مرؤظايةتى بةخؤيةوة نةيبينى بيَت لةناوبران(١٥).

دةكريَت زؤر هؤكاريش لةثشت ئةو هةنطاوةى حيزبى بةعسةوة هةبن، بؤ ناونانى ئةو ثرؤسةية بة ئةوها ناويَكةوة، كة هةنديَكيان ثةيوةندييان بة باطراوةندى سياسةتى بةردةوامى ئةو حيزبةوة هةية و هةنديَكيشيان ثةيوةنديدارن بة زةمان و زةمينى ئةو سةردةمةوة، ئةوةى ئاشناى سياسةتى بةعس و ميَذووى كارة قيَزةونةكاني بيَت، زؤر باش ئةوة دةزانيَت كة ئةو حيزبة و رذيَمةكةى، هةميشة كارة باشةكانيان لة كارى خزمةتطوزارى و بونياتنانةوةدا بة ناوى بةعس و سةدامةوة دةكرد: وةكو نةخؤشخانةى سةدام، قوتابخانةى سةدام، قوتابخانةى بةعس، شارى سةدام، طةرةكى بةعس، بةنداوى سةدام، ...هتد.، بةلآم لة بةرامبةردا شةرِ و شؤرِ و كارةساتةكانيان بة ناوى ئيسلام و زاراوة ئاييني‌يةكانةوة دةكرد، وةكو راثةرِينى رةمةزان بؤ ناونانى ئةو هةلَطةرِانةوةيةى لة خولى يةكةمياندا ثيَى هاتنة سةر فةرمانرِةوايي، هةروةها شةرِى قادسية، شةرِى الله أكبر ، شةرِى لا اله الا الله، شةرِى توكلنا على الله، شةرِى حتين، دذ بة ئيَران، ثرؤسةكانى ئةنفال دذ بة طةلى كورد، سوثاى الله أكبر ، سوثاى خالدى كورِى وةليد، سوثاى سةعدى كورِى ئةبى وةقاس و ضةندان ناوى سوثايي تر.(١٦)

هـەروەك زەمـان و زەمینـی روودانـی كارەسـاتەكەش ئاڵـنـەر و هۆكـارێكی تـر بـوون بـۆ ئاوهاناونانێك، ئێمـە دەزانـین ڕژێمـەكە كـەوتبووە كۆتـایی و بەشێكیشـی كۆتاییهـاتنی شـەڕی عێراق– ئێرانـەوە، شـەڕێك بـە هـەموو ڕێوەرێك عێراق و ئێران هیضـیان هیض دەسكەوتێكی ئەوتۆیان جطة لـە ماڵوێرانی لێی نەضنییەوە، ئەوەش عێراقی تووشی جۆرێك لە شـەرمەزاری بەرامبەر دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی كردبوو، بطرة زۆرێك لـە دەوڵـەتانی تەنانـەت خودی عەرەبیشی خستبووە بەرەی بەرامبەرەوە، عێراق ڕێویستی بە كار و كردەوەیەك بوو كە جارێكی تر نـاوی بباتـەوە نـاو دنیـای سیاسـەتی وڵاتـانی عەرەبییـەوە، بـۆ ئـەوەش كـارێكی جیهـادی و زاراوەیەكی ئیسلامی دژ بە طـەلێكی بآ باوەڕ و ئاطرڕەرستی وەكو كورد كە ئەو كوردی ئاوا وێنـاكردبوو لـە بەرامبـەر دنیـای عـەرەبی و ئیسـلامیدا، باشـترین كارێك بـوو ڕێـی هەسـتێت، طومانی تیانییە ئەمە هۆكارێكی طـەورە بوو لـە ڕشت ئەو ناونانـەوە، ئێمـە لەسـەر ئەم بابەتە زۆر راناوەسـتین، ضـونكە تـەواوی بـەش و ڕارەكـانی تـری ئـەم توێژینەوەیـە، لـە خزمـەتی روونكردنەوەی ئەم بابەتەدان(١٧) .

**بەشی دووەم/ قوناغی یەکەی ئەنفال و گوندەی سەرمۆرد.**

**تەوەری یەکەم / قۆناغی یەكەمی ئەنفال: ٢٣ ی شوبات – ١٩ ی ئازار / ١٩٨٨**

**یەکەم / مێژووی دەست پێکەی قوناغی یەکە :**

یەكێك لە كێشە هەرە طـەورەكانی ئەنفال، لایەنـە مێژووییەكەیەتی، كە لایەنی مێژوویی و وردی لـە دیـاری كـردن و كـات و شـوێنی تـاوان، یەكێكـە لـە هـەرە دیكۆمێنتـە طرنطـەكانی هەر كەیسێكی تاوان، بۆ نموونـە سـەبارەت بـە دەستڕێكردن و كۆتـایی هاتنی هـەر قۆنـاغێك، كۆمـەڵێك بـەرواری جیاجیـا ئەنووسرێت، لای هـەمووان ئاشـكرایە، قسـەكردن لەسـەر هـەر بابەتێكی مێژوویی، ڕێویستی بەوەیە:

١-یان خودی نووسەر یان توێژەر لە ناو ڕووداوەكاندا ژیابێت و وەكو یادەوەری ڕووداوەكان تۆمار بكات.

٢-یان بەڵطـەیەك لـەو بەڵطانـەی دەست بكـەوێت، كـە لـە زانستی مێژوودا بـە دیكۆمێنت و بەڵطە دادەنرێن و شیكاری خۆی لەسەر بكات.

٣-یان ئەطـەر ڕووداوەكە نوێبێ (وەكو ئەنفال)، ڕشت بـە میتۆدی ضاوڕێكەوتن و مێژووی زارەكی ببەستێت.

٤-یانیش بطەڕێتەوە بۆ سەرضاوەكانی ڕێش خۆی و ئاماژەیان ڕێبدات.

بـەڵام سـەبارەت بـەم بابەتـە ض لـە دیـاری كردنـی مێژووەكـەی ض لـە وردەكارییـەكانی تردا، زۆرجار دەطـەیت بـە هەندێك نووسین، نـازانی لـە ژێر ض ناوێكدا ڕۆلێنیان بكـەیت، بابـەتی

هەستیار تۆمارکراوە بە ئامادان بە (سەرضاوە، دیکۆمێنت، ضاوثێکەوتن) و بە ئەوەی نووسەرەکەی دوور و نزیکیش ئاطای لە رووداوەکە هەبێت، جاری وا هەیە تەمەنی نووسەر کەوتووەتە دوای بەرواری رووداوەوە، کەضی وەك طەواهیدەری بینەری رووداو (شاهد عیان) رووداوەکە دەنووسێتەوە، زیاتر لەسەر ئەمە نارِۆین.

سەبارەت بە قۆناغی یەك نەوشیروان مستەفا کە ئەو مێذوونووسەیە لە ناو رووداوەکانی ئەم قۆناغەوە یادەوەرییەکانی تۆمارکردوە، شەوی ٢٢ لەسەر ٢٣ ی شوباتی ١٩٨٨ بە دەستثێکردنی قۆناغەکە دیاری دەکات، کە بە هێرشێکی کیمیاوی رذێم بۆ سەر ناوضەکە دەستی ثێکردوە و دواتر دوای ضەند کاتذمێرێك لە تۆثباران، هێرشی ثیادە لە دوانیوەرِۆی ٢٣ ی شوبات دەستیثێکردوە، لای یەکێتییەوە رۆذی ١٨ ی ئازار ئەم قۆناغە کۆتایي هاتووە و بە بەرنامەیەك کشاونەتەوە و ناوضەکەیان ضۆلَکردوە ، لای حکومەتی عێراقی رۆذی ١٩ ی شوبات کۆتایي قۆناغەکەیە و بە راطەیەنراوی ذمارە ٣٠٨٧ لە بەرواری ١٩ ی ئازاری ١٩٨٨ ی سەرکردایەتی طشتی هێزە ضەکدارەکانی عێراق، کۆتایي قۆناغەکە و طرتنی بارەطاکانی سەرکردایەتی یەکێتی بلآوکردوەتەوە، ئەمە زۆر بە وردی دیاریکردنی مێذووی دەستثێك و کۆتایي قۆناغی یەکەمی ئەنفالە(١٨)، بەدواداضوونەکەی "میدلأ ئیست وۆض" و زۆر سەرضاوەی تریش هەمان بەرواری ٢٣ ی شوبات بۆ ١٩ ی ئازاریان ثشترِاستکردوەتەوە ، بەلآم لە بەرامبەردا، هەتا دیاریکردنێکی راست لە دیاریکردنی مێذووی ئەم قۆناغەدا دەبینی، ضاوت بە ضەندین دیاریکردن دەکەوێت، کە نازانیت سەرضاوەکەی کوێیە(١٩).

قۆناغی یەکەمی تاوانی ئەنفال، بەثێی بەلَطەنامەکانی دادطای بالآی تاوانی عێراق، لە ناوضەی "سەرطەلَوو، بەرطەلَوو" لە ٩ / ٢ / ١٩٨٨ تا ٢٣ / ٢ / ١٩٨٨ ئەنجامدراوە ، بەو شێوەیە هەرکەس بۆ خۆی رۆذ و مانط رێکدەخات و ئاطای لەوی دی نییە، منیش نامەوێت زیاتر لەسەر ئەم بابەتە برِۆم، ئەوەی بەدواداضوون بکات بەلَطە زۆرە(٢٠).

**دووەم / جوگرافی قۆناغی یەکە :**

سنووری جوطرافی ئەم قۆناغەی ئەنفال سنووری دۆلَی جافایەتی بوو، کە نزیکەی (١٥٠) طوند لەخۆی دەطرێت، ئەوکات سەرکردایەتی (ی.ن.ك) لە طوندی "سەرطەلَوو" جێطیر بوو ، سەرطەلَوو شارۆضکەیەکی بضووکی ( ٥٠٠ ) مالَی دەبوو، (٣٥٠٠ ) کەس دانیشتووانەکەی بوو، بە ئۆتۆمبێل بەسەر رێطایەکی ضەورِێذدا لە ناحیەی سورداشەوە نیو سەعاتێك دەبوو، هەرضەندە خانووەکانی لە قورِ و بەرد دروستکرابوون، بەلآم زەمینەی ضیمەنتۆرِێذ بوو و هەموو مالَێك ئاوی خۆی لە کانییەکانەوە راکێشابوو، طوندی "هەلَەدن"یش لەوێوە بەثێیان سەعاتەرِێیەك دەبوو، ئەویش دیسان طوندێکی طەورەی ( ٣٥٠ ) مالَی بوو

وضواردةورى رةز و باخ بوو و هيَزيَكى زؤرى ثيَشمةرطةكانى يةكيَتى ليَبوو، طرنطى دؤلَةكة بؤ ثيَشمةرطة وةك طرنطى بةغدا وابوو بؤ حكومةت ، سنوورةكةش لة نزيكةى ( ١٥٠ ) سةدوثةنجا طوند ثيَكديَت و ناوضةيةكى شاخاوى و سةختة..تةنها لةم قؤناغةدا نزيكةى (١٢,١٠٠ ) دوانزة هةزار و سةد كةس بةهؤى ضةكى كيمياوييةوة كوذراون يان بريندار بوون(٢١) .

سةرثةرشتيارى ئةم قؤناغةى ئةنفال ليوا روكن "سولَتان هاشم ئةحمةد" بوو، كة شارةزاييةكى تةواوى لة ناوضةكانى كوردستاندا هةبوو، ضونكة كاتيَك لة ثلةى مولازمدابوو لة كوردستان راذةى سةربازى بةجيَهيَنابوو ، ئةو قؤلآنةش كة رذيَمى عيَراقى ليَيانةوة هيَرشى كردة سةر ناوضةكانى قؤناغى يةكةمى ئةنفال، ئةمانة بوون:

–لة ضياى ئةزمرِةوة بؤ دووبرا و ثشتى قةيوان.

–لة دؤلَةرِووتةوة بؤ قزلةر، لةويَشةوة بوون بة دوو قؤلأ: قؤلَيَك بةرةو شاخ و قؤلَيَكيش داطةرِان بؤ لوتةى ضادرى بةرامبةر زيَوآ، تا لةطةلأ قؤلَةكةى قةرةضةتان– زيَوآ يةكبطرنةوة.

–لة كاريَزةوة بؤ طاثيلؤن و لةويَوة بةرةو طةرِةدآ و بالَخ و ولآخلوو و طؤجارِ و شاخى خةجة لةرزؤك.

–لة قؤلَى سورداشةوة بؤ طوندى شةدةلَة.

–لة قؤلَى قةرةضةتان و بارةطا سةربازييةكةى بةردةمييةوة بؤ زيَوآ.

–لة ريَطاى سورداش– دوكانةوة بةرةو زنجيرة ضياى ضةرماوةند.

–لة دوكانةوة بؤ قةمضوغة و سةرمؤرد.

–لة دوكانةوة بةرةو ديَهاتةكانى قةلَةم ثاشا و قةرةنكةوة.

–لة ريَطاى دوكان– بنطردةوة بةرةو بةرزاييةكانى سيَدةر.

–لة بنطردةوة بةرةو بةرى مةرطة.

–لة بنطردةوة بؤ ئاوةذآ و كانى بى.

–لة طوندى هةنجيرةى بنطردةوة بؤ شارستيَن و سيَدةر و دؤلَةبى .

كة دريَذى هيَلَةكانى رووبةرِوو بوونةوة لةم قؤناغةى ئةنفالدا بة ( ٥٠ ميل) خةملَيَنراوة، لة (بنطرد)ةوة بؤ لاى خؤرهةلآتى دةرياضةى دوكان و شارؤضكةى دوكان، لةويَشةوة بؤ شارى سليَمانى و شارؤضكةى (ماوةت و ضوارتا)ى طرتةوة.(٢٢)

**سێ یەم /ئەو هێزانەى لەم قۆناغەدا بەشدار بوون:**

١–هێزەكانى تايبەت (قوات خاصة)

٢–سەركردايەتى طشتى هێزى ضەكدار: ليواكانى ٦٥ ، ٦٦.

٣–ليواى مغاويرى فەيلەقەكانى ( ٢ ، ٤ ، ٥ ، ٦ )

٤ –فەوجى مغاويرى فەيلەقى ثێنج و مغاويرى فيرقەى ضوار.

٥ –فيرقەى زەمينى ثێكهاتبوون لە ليواكانى: ١٨ ، ١٩ ، ٣١ ، ٣٢ ، ٤٨ ، ٧٢ ، ٧٥ ، ١١٦ ، ١٣٠ ، ٤٣٨ ، ٤٤٥.

٦–يەكەى تۆثهاوێذ.

٧–هێزەكانى بەدر.

٨–فيرقەى زەمينى ضوارەم.

٩–هێزەكانى قەعقاع.

١٠–يەكەى شەرِكەرى فيرقەى ثێنج.

١١–يەكەى ئەندازەيي، يەكەى رێطاوبانى سەربازى، بۆ تێكدانى طوندەكان.

١٢–يەكەى هەوالَطرى سوثا.

١٣–ضەندين يەكەى ترى وەك: يەكەى كيمياوى، يەكەى فرِۆكەوانى، هێزى ئاسمانى .

ئەوە جطە لە هێزە ناسيستماتيكەكانى حكومەتيش، كە خۆيان لە فەوجەكانى جاش و هێزەكانى مەفرەزە تايبەتەكاندا دەبينييەوە و لە هەموو قۆناغەكانى ئەنفالدا رۆلَى دياريان هەبوو، ئەوەش بەهۆى شارەزايي ناوضەكە و بوونى نزيكايەتييان لەطەلأ خەلَكى ناوضەكان، جا بەهۆى خزمايەتييەوە بێت يان هەر هۆكارێكى تر، تا ئەوەى زۆربەيان هەر خەلَكى ئەو ناوضە و طوندانە بوون كە ئەنفال دەكران، بەتايبەتتريش لە قۆناغى يەك و ئەو شەرِانەى لە قۆناغەكانى تريشدا روويدا سوثاى عێراق زۆر ثشتى ثێيان بەست، ئەوەش لەبەر سەختى و دذوارى ناوضەكان كە زۆربەى شەرِەكان لە ناوضە شاخاوييەكاندا روويانداوە و ئەوەش ئاستەنط بووە بۆ سوثاى نيزامى جموجۆلَيان تێدا بكات، بۆيە زياتر ثشت بەو هێزە ناسيستماتيكانە دەبەسترا، كە كەمتر ثشتيان بە ضەكى قورس و لەسەر ئۆتۆمبێل جولآو دەبەست، زياتر ضەكەكانيان سووك و دەستى بوون و ثشتيان بە شارەزايي ناوضەكە و تاكتيكى ناسيستماتيك و جوولَەى شەوانە دەبەست، كە لە كۆتايي ئەم بەشەدا زياتر باس لە رۆلَى ئەم هێزانە دەكەين(٢٣).

(عةميد عةلى حسيَن خةزعةل ئةلحةمدانى) كة فةرماندةى هيَزى "بدرالكبرى"ى سوثاى عيَراق بوو، لة يةكيَك لة بةلَطةنامةكاندا لة ناو راثؤرتى فةيلةقى يةكدا لةمةرِ شالآوى ئةنفالى يةك، دانى بةمةدا ناوة و دةلَيَت: جطة لةو هيَزة نيزامييانةى سوثاى عيَراق كة بةشدارى شالآوةكةيان كردبوو، فةوجة سووكةكانى خةفيفةى ( ٢ ، ٥ ، ٢٣ ، ٣٠ ، ٣٦ ، ٣٧ ، ٥١ ، ٨١ ، ٩٦ ، ١٠٦ ) شانبةشانى سوثاى عيَراق بةشدارى شالآوةكةيان كردوة و هيَزة نيزامييةكانى عيَراقيش، بريتى بوون لة هيَزةكانى فةيلةقى يةك و زياتر لة ( ٢٠ ) بيست ليوا لة فةيلةقةكانى ناوةرِاست و خوارووى عيَراق، بة ثالَثشتى سةدان تانكى ثيَشكةوتووى هةمةجؤر و زريثؤش و سةدان تؤثى قورس و كاتيؤشا، بة هاوكارى دةيان هةليكؤثتةر و فرِؤكةى هيَزى ئاسمانى عيَراق.(٢٤).

هةرضةندة يةكيَتى ميَذوويةكى دوورودريَذى هةبوو بؤ هةلَسوكةوت و ذيان لة ذيَر هيَرش و ثةلامارى، بةلآم ئةمجارةيان واثيَدةضيَت خؤى ئامادة نةكردبيَت بؤ ئةم ثةلامارة توند و سةختة، كة لة كؤتايي ئةو مانطةدا تيَكيشكاند، لةوانةية ثيَشمةرطة بةو رادةية مةزةندةيان نةكردبيَت، ضونكة رذيَمى عيَراق ئةو دةمة لةرِووى سايكؤلؤذييةوة بة شةرِى ئيَرانةوة طريَدرابوو، بةلآم ئةوان خيَرا لة نيازى تيَطةيشتن، ئةوةش كاتيَك كة ئابلَووقةى دؤلَى جافةتى دا، بةدةستهيَنانى سةركةوتن ليَرة تةنها ئةوة نةبوو كةوا سةرى يةكيَتى ببرِدريَت، بةلَكو كاريطةرى روخاندنى سايكؤلؤذيشى سةلماند، كةوا رذيَم هةر شويَنيَكى هةلَدةبذارد و لة هةر ناوضةيةك، بةسةر ثيَشمةرطةدا زالَدةبوو.

**تەوەری دووەم / گوندەی سەرمۆرد :**

**یەکەم / گوندی سەرمۆرد:**

گوندی سەرمۆرد یەکیک لە گوندکانی ناحیە سوورداش سەر بە قەزا ی دووکان پشتی شاخی سارا سەر بە پارایزگا ی سلێمانی لە باشوور کوردستان ،لە باکوورەو هاوسنورلە گەڵ گوندی قەڵەم پاشا و لە باشوورەو لە گەڵ گوندی کانی خان و لە رۆژهەڵاتەوە لەگەڵ گوندی دیدان ولە رۆژئاواوە لە گەڵ قەزا ی دووکان ، بەرەزی لەسەر ئاستی دەریایەوە (١٠٣٥) م دەکات (٣٣٦٩) پێ ،دانیشتوانی ئەم گوند لە رووی ئایینەو موسڵمانن و سونەی مەزهبی شافعین ( ٢٥). دانیشتوانی ئەم گوند خەریکی رەزوباغ و ئاژاڵدارین بەتایبەت میوەی ترێ بە ناوبانگە جوتیارکانی ئەم گوند ترێ مێووژیان دەبردە بۆ گەرمیان لە گەڵ گەنم و جۆ ئالۆگۆریان دەکرد ( ٢٦).

بەهۆی سەختی شوینی جوگرافیکی ڕێگا ی هاتوچۆ سەختە تەنها بە ئاژاڵ دەتوانن هاتوچۆ و گواستنەوە گەیاندن بکەن تا ئەمرۆیش ڕێگا باش و گونجاوەی بۆ ئۆتۆمبیلی نیە .

گوندی سەرمۆرد بەپێ سەرژمێری دانیشتوانی عێراق لە ساڵی (١٩٥٧) دانیشتوانی گوندەکە (٢٩٢) نەفەر بوون( ٢٧).

گوندی سەرمۆرد بەپێ سەرژمێری دانیشتوانی عێراق لە ساڵی (١٩٧٧) دانیشتوانی گوندەکە (٤٣٧) نەفەر بوون( ٢٨).

لەپێش پرۆسە ئەنفالدا نیزیکی (٨٠-٨٥) ماڵە بوون کە نیزیکی (٤٥٠-٥٠٠)نەفەربوون( ٢٩) .

پێش شاڵاوەی پرۆسەی ئەنفال رژێمی و حکومەتی عێراق نە هاتووتە گوندکە بە هۆیە سەختی ناوچەکە بەلام چەند جارێک لە سەر شاخی ساراوە بە چەکەی قەناس تەقیان کردوو لە ناو گوند .

**دووەم /پرۆسەی ئەنفال و گوندی سەرمۆرد:**

سەرەتای دەستپێکەی پرۆسەی ئەنفال لە کۆتایی مانگی شباط بوو کەحکومەتی عێراقی دەست بە پرۆسەی سەربازی پلان بۆ دارێژاوە دەکات ،دانیشتوانی گوند دەبنە سێ بەشەوە :

بەشی یەکەم بەشێک لە گەنج کانوو ئەوانی ئاژاڵی بەرزەیان هەیە دەچن بۆ ئیران.

بەشی دووم دوولە خێزانکانی ئەم گوندا دەچن بۆ ناوچەی شێخ بزێنی و هەندەیکان دەچن بۆ سەفروزەنوون .

بەشی سێ یەم هەر لە ناو گوندکە مانەوە کە کەسانە بەتەمەنوو و مناڵ وژن لە گەڵ ئاژاڵدارکان و مابوونەوە ( ٣٠).

لەسەرەتایی پرۆسە ی ئەنفالدا گوند سەرمۆرد بەرئەو شاڵاوکەوت لە قوناغی یەکەی ئەنفالدا لە بەرواری (٢٣-٢-١٩٨٨ تا ١٩-٣-١٩٨٨) و بەشداری کردنی هەر دوو فیلەقی یەک و پێنچ و هێزی ئاسمانی و جاشەکان لە دۆڵی جافایەتی ،لە کاتی پرۆسەکدا (٢٨) کەس مابوونەوە و هەردوو خێزانکە کە ژمارەیان (١٠) کەس بوون کە ماڵی کاکە حمەزیاد بوو باوکی شەماڵ تاقانەی ئەنفال و ماڵی مام سمائیلی بوون .

هێزی سەربازی کە هێرشیان کرد بۆ سەر گوند ی سەرمۆرد بە پیادە بوو چۆنکە گوندەکە رێگای ئوتۆبیل نەبوو ،چەک و کەرسی سەربازیان بە ئاژاڵ هێناو و گواستەوە بۆ ناو گوند بۆیە ناچارە بوون بۆپاراستی گیانی خۆیان چوون ئەشکەوتی کوتال لە بەرواری (٢٠-٢-١٩٨٨) بەمەبەستی پاراستین خۆیان ئەشکەوتی کوتال ( ناوی ئەشکەوتەکە لەوە

هاتوو کاتی خۆی کوتاڵ فرۆشیک لەوی ماتەوە ) دەکەویت رۆژئاوای گوندکە لە شاخی سارا شوینکەی گونجاوە بۆ خۆشاردنەوە ئەم (٢٨) کەس بۆ ماوی (٣-٤)رۆژ مانەوە پاشان پێنان باشبوو بچنەوە ناو گوند خۆیان رادەست بکەن چۆنکە گوندکە پرە بوو لە هێزەی سەربازی و جاش ،بەیانکەی زوو کاک فارس ئالایکی سپی هەڵگریت داچنە ناو گوند کەوە خۆیان رادەست دەکن پاشن لە لایەن سەربازکانەوە لێکۆلینەوە لەگەڵ دەکریت بۆ ماوەی (٣) رۆژ رادەگیرن کە پیان وا بوو کەسانەی ترە یان لە گەڵ یان هێزێ پیشمەرگە کە ئەو چەند رۆژ کەش هوا زۆر سارد بوو لە باردۆخیکی زۆر خراپدا بووهەموویان لە خانووکە کاک حمەزیاد دەست بەسەر بوون و خواردنە پیویستیان نابوو (٣١).

،هێزی سەربازی و جاشەکان دەستیان کرد بە تالانی بردنی ماڵە و سامان و ئاژاڵ و پەلەوەری گوند کە هەموویان برد ، پاشن دەستیان کرد بە رووخاندنی خانووکانی ناو گوند بە (تی نتی ) چونکە ریگای ئۆتومبێل نەبوو ،لەسەر ئەو بریار سەدام حەسێن ( سەری بۆمن و ماڵەی بۆ ئیوە )، هەموویان دەست بەسەرکران رەوانی بەندیخانەی قەڵای سوسی کران بۆلێکۆلینەوە بەتابیەتی لە گەڵ پیاواندا و ئەشکەنجە و ئازار دانیان پاش شەوێکی لە زیندان قەڵا ی سوسێ مانەوە بۆ بەیانی بۆ بنکەی پۆلیسی دووکان لەوێ بە کەفالت ئازاد کران، لە پاش مانگێک دووبار بانگ دەکرینەوە لە کاتی کۆکردنەوەیان دوو کچی کاک فارس کە گەورە بوون دوو بچوکتری لە جێگا ئەوان بە ناوکانی ( بێخاڵ و بێگەرد ) لە ترسی ئەشکەنجە و ئازار( ٣٢) .

پاشن بە مەبەستی لێکۆلینەوە دەبرێنە بۆ تەواری سلێمانی ( تەواری سلێمانی یەکیک لە دەزگا ی ئاسایش کانی سلێمانی لە سەردامی دەسەلاتی بەعسدا لە سالانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو هاوشیوەی ئەمنەسوورکە سلێمانی کە شوینی ئەشکەنجە و ئازاردانی کورد بوو تا راپەرین ) ، پاشن لە دوای(٢) شەومانەوە لە تەواری دەست بە جیاکردنەو رەگەزەی کرا پیاو و ژن و منداڵ لە یەک جیاکرانەوە و ئەشکەنجە و ئازاردانی جەستی و دەرونی وپیدانی نانی خراپ بە زیندانیان ،لە دوای (١٨) شەو لە زیندان بەیانەکەی زوو پیاوکان بە دەستوو وچاوی بەستراوە بە ئۆتومبیل جۆری ئیڤا و ژنەکانیش لە گەڵ منداڵ کاندا بە ئۆتومبیلی ئیڤا هەموویان بەرەو زیندانی تۆپزاوا ی کەرکوک گواسترانەوە( ٣٣) .

**سێ یەم/ زیندانی تۆپزاوا و نوگرەسەلمان :**

لەبەرواری(٢٩-٤-١٩٨٨) گەیشتنە تۆپزاوا ی کەرکوک (تۆپزاوا دەکەویت (٢٠) کیلومەترخوار شاری کەرکوک ) بەدەرێژایی قوناغەکانی ئەنفال جگە لە ئەنفالی بادینان

،خەڵکی ئەنفال کروانی هەموو ناوچەکانی کوردستان دەبرینە ئەوی بەمەبەستی جیاکردنەوە رەگەزی لەیەکتری لێرا دابەش دەکران بە سەر سێ کۆمەڵدا :

یەکەم کۆمەڵە کەسانی بە تەمەن گەورەوپیربوون لەگەڵە منداڵان بوون.

دووم کۆمەڵە رەگەزی نێرلە پیاوان و کورانی گەنج بوون کە تەمەنیان لە نیوان (١٥– ٤٥)ساڵدا بوو .

سێ یەم کۆمەڵە رەگەزی مێ بوون لە ژنان و کچان بوون.

هەر جی لە پرۆسەی ئەنفالدا گیرابوو لەوێ بوو بەتابیەت گەرمیانی کان ،هەر لەوێ هەر دوو خێزانەکەی کە چووبوون بۆ شێخ بزێنی لەوێ بوون کە ژمارە یان (١٠) کەس بوون یەکدەگرنەوە پێشتر لە سەرمۆرد بوون .بۆ ماوەی (٥) شەو لەوی مانەوە بەیانی کەی زوو پاسیان هینا سەرەتا پیاوکانیان برد بۆ ناو پاسەکان بە چاو و دەستی بەستراوە ،هەرچیان پێ بوو لێان سەند تەنها جل و بەرگیان لە بەر بوو پاشن بۆ نوگرەسەلمان ( ٣٤).

زیندانی نوگرەسەلمان

زیندانی نوگرە سەلمان (لە بیستەکانی سەدەی رابردوو لە لایەن ئیگلیزەوە دورستکراوە یەکیک لەکۆنترین وترسناکترین زیندانی کانی عێراق کەوتۆتە نیزیکە شاری سەماوە لە ناوچەی بەیابانی عێراق) ، یەکیک لە زیندانە بە ناوبانگەکان لە رۆژهەڵاتە ناوراست و بگرە جیهانیش، دەکەوێتە خوارووی عێراق پارێزگای سەماوە نیزیک قەزا سەلمان ،نزەکە لە سونری وڵاتی سعودیە ،ناوچەکە سەحراوی بەدەوی نشینە ( ٣٥) .

حکومەتی رژیمی بەعسی عێراق لە پرۆسەی ئەنفالدا بەکاری هێناوە هەزاران هاوڵاتی کورد بوون قوربانی ،لە زیندانی نوگرسەلمان هەموو زیندانیان لە ژیر ئەشکەنجەدانوو و ئازار کەی سەختی جەستی و دەرونی بەبێ جیاوازی رەگەزی و تەمەن ، دوو کەسی باری دەروونی تەواو نابوو بە ناوکانی ( حمەجوج ،مام فتاح) خەلکی سەرگولوو بوون

کە ئەشکەنجە و ئازار دروونی زۆریان داون ،لەم زینداندا ژیان و گوزارانی زیندانیان زۆر خراپ بوو لە رووی تەندروستیەوە دەیان نەخۆشی جۆراوەو جۆری تیدا بڵاوە بۆیەوە هەر لە سکچوون و رشانەوە و نەخۆشەکانی پێست وسیل و ووشکبوونەو.........و نەبوونی ئاوی خۆاردنەوە شیاوە و پاک کا رۆژان تەنا یەکە تەنکەر ئاو بۆ هەموو زیندانەکا دەهات ،نەبوونی خۆاردن بۆزیندانی کان کە کەسانکی زۆر لەبرسا مردن ( ٣٦).

یەکیک لە قوربانی کانی سەرمۆرد خاتوو (سەوزە حسن قادر)بوو کە نابینا بوو لەوێ کۆچی دوای دەکات، هەردوو خانەوادی (حمە زیاد و مام ئیسماعیل ) کە ژمارەیان (١٠)کەس بوون لەوێ بوون قوربانی .پیاوکانی گوندی سەرمۆرد لە هۆلیکدا لەگەڵ پیاوانی

تليان و فقى ميرزا و شێخ بزێنى و قەڵا سيوكه و كەلار و كفرى پێكەوە بوون ،لەم هۆڵ گارمدا تەنها شەش پانكى ئاسمانى تيدا بوو( ٣٧).

دوو هيزى تێدابوو پۆليس و ئاسايش پۆڵيسى لە رووى هەلسووكەوتەوە باشتر بوون لە هێزى ئاسايش هەرچى ئازار و ئەشكەنجە هەيە ئەنجاميان دەدا بە تايبەت دوو ئەفسەر هەبوو بەناوى (عەبد خالق و حەجاج ) ئازار و ئەشكەنجە زيندانيان دەكرد.

قوربانيان گوندى سەرمۆرد نيزيكى (٢٠٠) رۆژ مانەوە لە زيندان نوگرسەلمان پاشن بە لێبوردنى گشتى ئازادكران گەرانەوە بۆ زيندانى تۆپزاوە لە كەركوك لەوێ دووبار ناو و ناونيشانيان تۆمار كرا ڕەوانى ياريگا ى شار ى سلێمانى كران پاشان دووبار تۆمار كران دانيشتوان بە پى ناوچەكان جياكرانەوە خەلكى گوندى سەرمۆرد و ناحيە ى سووررداش و قەزا ى دووكان جياكرانەوە گەڕێنرانەوە بۆ قەزا دووكان لەوێ ئازاد كران ( ٣٨).

دواى ئازاد كردنيان لە قەزاى دووكان رێگا نادرا با چنەوە بۆ گوند ى سەرمۆرد حكومەتى عێراقى گوندكانى بە ناوچەى قەدەغكراوە دانرا ،ناچاركران بەچن ئۆردگاى پيرمگروون كە لە سالى (١٩٨٨ز) حكومەتى عێراقى بۆ دانيشتوانە ى گوندكانى سنورى قەزاى دووكان دورستى كرد بوو ،حكومەتى عێراقى دانيشتوانى گوندكانى هەموو كۆكردەو لە ئۆردووگا دوور لە سەر خاک و ئاو و ژيانى ئاسايى خۆى كە هەموو وكو دەست بەسەر بوون و چاودێرى دەكران لە گەڵ ئازار دانێكى دەروونى لە ئۆردووگاكە.

ثرۆسةى ئازادى عيَراق

لة دواى روخاندنى رذيَمى بةعسي لة عيَراق لة (٢٠٠٣/٤/٩ز) .ئةنجامدانى هةلَبذاردن بؤ ئةنجوومةنى نوينةرانى عيَراق دوورست بوونى ئةو ئةنجوومةن بة بريارى ذمارة( ١٠ سالَي ٢٠٠٥) لة بةروارى( ٢٠٠٥/١٠/٩ز) دادطاى بالاَى تاوانكانى عيَراق ثيَكةهيَنرا بؤ دادطاى كردنى سةرانى رذيَمى ثيَشوو بةعسة لة رؤذى دةست بة كاربوونيان لة عيَراق لة بةروارى( ١٩٦٨/٧/١٧ –٢٠٠٣/٥/١ ز ،دادطاى بالاَى تاوانكانى عيَراق دةست بةكاربوولة بةروارى (٢٠٠٦/٨/٢١ ز) بؤ دادطاى كردنى سةرانى رذيَمى بةعس بة خودةى سةدام حسن و هاوريَكانى لة ثاش (٦١) شةست و يةك دانيشتن دادطا ثرؤسي ئةنفال بة تاوانى جينؤسايدناساندةلة بةروارى ( ٢٠٠٧/٦/٢٤ز )بة برياري ذمارة (١ دوومى ج/٢٠٠٦). لةدواى ئةويش ئةنجوومةنى نوينةرانى عيَراق بة بريارى ذمارة( ٢٦ سالَي ٢٠٠٨ )لة بةروارى (٢٠٠٨/٩/١٠ز) ثرؤسي ئةنفال بة جينؤسايد ناساند (٣٩ ).

يەكيک لەو شايەتحاڵان بەشداربوو لە دادگا ى باڵاى تاوانكانى عێراق خاتوو (خونچە كريم )بوو دانيشتوو گوندى سەرمۆرد بوو كە باسى بەسەر هاتى خۆى و كەسوكارى كرد كە

له گوندی سەرمۆرد له پرۆسەی ئەنفالدا چیان به سەر هاتوو بەرامبەر به دادوران و تاوانباران و خودی (سەدام حوسێن ) له دادگا ( ٤٠ ).

گوندی سەرمۆرد که (٣٨) کاسیان لەو پرۆسەدا زیندانی کران ( ١٨) کەسیان بوون قوربانی شەهیدبوون ، تا ئەمرۆ قەرەبوو مادەی و دەروونی وکو پویست ناکرانتەوە وا خزمت گوزارپیویست ناکراو لەم گوندا وکو پرۆژی ڕێگا وبان وئاو و کارەبا و تەندروستی وخوێندنگاو.......... که مافێکی یاسایی و سروشتی خۆیان .

**پێنچەم / خشته و ئامارەی قوربانییانی گوندەی سەرمۆرد:**

**خشتەی ژماره (١) دابەشبوونی (ڕەگەز)بە پیی ڕێژەی سەدی بۆ تاوانەکە**

| ژ | ڕەگەز | ژماره | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | نێر | ١٨ | ٤٨٪ |
| ٢ | مێ | ٢٠ | ٥٢٪ |
| کۆ | | ٣٨ | ١٠٠٪ |

**خشتەی ژماره (٢)دابەشبوونی شوینی نیشتەجێبوونی قوربانییان له پێش جینۆسایدەکەدا.**

| گوندنیسین | شارنیشین | نەزانراو | کۆ |
|---|---|---|---|
| ٣٨ | ٠٠٠٠٠ | ٠٠٠٠٠ | ١٠٠٪ |

**خشتەی ژماره (٣)دابەشبوونی شوینی نیشتەجێبوونی قوربانییان له دوای جینۆسایدەکەدا.**

| گوندنیسین | شارنیشین | نەزانراو | کۆ |
|---|---|---|---|
| ٠٠٠٠٠٠ | ٣٨ | ٠٠٠٠٠٠ | ١٠٠٪ |

**خشتەی ژماره (٤)دابەشبوونی له رووی کۆمەڵایەتیەوە له کاتی ڕووداوکە .**

| بێوەژن | کور | خێزاندار | بێوەپیاو | کچ | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣ | ٨ | ١١ | ٩ | ٧ | ٣٨ |

**خشتەی ژماره (٥) چارەنووسی قوربانییان له دوا ئازاد کردنیان**

| کۆی گ | نەگەراوە | گەراوە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ٣٨ | ١٨ | ٢٠ | |

**خشتەی ژماره (٦) چارەنووسی قوربانییان له ئیستا دا له ساڵی٢٠٢١**

| کۆی گشتی | مردوو | زیندوو | تیبنی |
|---|---|---|---|
| ٢٠ | ١١ | ٩ | |

**خشتەی ژمارە (٧)دابەشبوونی شوینی زیندانی کردنی قوربانییان لە پرۆسەی جینۆسایدەکەدا.**

| ژ | ناو و شوێنی زیندانی | پارێزگا |
|---|---|---|
| ١ | گوندی سەرمۆرد | سلێمانی |
| ٢ | بنکەی پۆلیسی دووکان | سلێمانی |
| ٣ | قەڵای سوسێ | سلێمانی |
| ٤ | تەواری سلێمانی | سلێمانی |
| ٥ | تۆپزاوا | کەرکوک |
| ٦ | نوگرسلمان | سەماوا |
| ٧ | تۆپزاوا | کەرکوک |
| ٨ | یاریگای سلێمانی | سلێمانی |
| ٩ | بنکەی پۆلیسی دووکان | سلێمانی |

**خشتەی ژمارە (٨) ناو و تەمەنی و قوربانی قوربانییان لە پرۆسەی جینۆسایدەکەدا.**

| ژ | ناو سیانی دەستگیر کراو | رەگەز | تەمەن |
|---|---|---|---|
| ١ | صلاح محمود عبدالرحمن | نێر | ١٩٧٨ |
| ٢ | قادر صدیق عسمان | نێر | ١٩٧٧ |
| ٣ | محمد صابیر قادر | نێر | ١٩٥٤ |
| ٤ | مریم محمد امین احمد | مێ | ١٩٥٧ |
| ٥ | رجیب محمد صابر قادر | نێر | ١٩٧٧ |
| ٦ | هێمن محمد صابیر | نێر | ١٩٨٢ |
| ٧ | شهاب محمد صابیر | نێر | ١٩٨٧ |
| ٨ | سلام محمود عبدالرحمن | نێر | ١٩٧٥ |
| ٩ | خونچە کریم حسن | مێ | ١٩٤١ |
| ١٠ | سەوز حسن قادر | مێ | ١٩١٦ |
| ١١ | فاقی ئیسماعیل | نێر | ١٩٢٠ |
| ١٢ | فاتمە مجید امین | مێ | ١٩٣٢ |
| ١٣ | اسماعیل فەقی اسماعیل | نێر | ١٩٢٠ |
| ١٤ | گولە حمە اسماعیل | مێ | ١٩٦٩ |
| ١٥ | غەزیم اسماعیل فەقی | مێ | ١٩٨٥ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٦ | غەزال اسماعيل فەقى | مێ | ١٩٨٦ |
| ١٧ | خەيال اسماعيل فەقى | مێ | ١٩٨٧ |
| ١٨ | عاصمه عبدالرحمن حسن | مێ | ١٩٢٧ |
| ١٩ | گوڵاوى عسمان عەلى | نێر | ١٩٤٢ |
| ٢٠ | سيروان گوڵاوى عسمان | نێر | ١٩٧٧ |
| ٢١ | بەختيار گوڵاوى عسمان | نێر | ١٩٨١ |
| ٢٢ | حەليمه وەسمان عبدالرحمن | مێ | ١٩٠٩ |
| ٢٣ | پيروز محمد اسماعيل | مێ | ١٩٤٢ |
| ٢٤ | سەميره لطيف احمد | مێ | ١٩٧٨ |
| ٢٥ | شەنگه لطيف احمد | مێ | ١٩٧٢ |
| ٢٦ | كچكەل خضر محمد | نێر | ١٩٠٢ |
| ٢٧ | عبدالله حسن قادر | نێر | ١٩١٠ |
| ٢٨ | پيروز حسن قادر | مێ | ١٩١٦ |
| ٢٩ | فارس مجيد قادر | نێر | ١٩٣٤ |
| ٣٠ | خديجه محمود رشيد | مێ | ١٩٥٢ |
| ٣١ | بێخال فارس مجيد | مێ | ١٩٧٩ |
| ٣٢ | صبريه فارس مجيد | مێ | ١٩٨١ |
| ٣٣ | نێگەرد فارس مجيد | مێ | ١٩٨٣ |
| ٣٤ | سورمه فارس مجيد | مێ | ١٩٨٥ |
| ٣٥ | محمود عبدالرحمن حسن | نێر | ١٩٤٣ |
| ٣٦ | رشيد نجم اسماعيل | نێر | ١٨٩٧ |
| ٣٧ | پيرۆز احمد اسماعيل | مێ | ١٩٢٥ |
| ٣٨ | ولى رشيد نجم | نێر | ١٩٧٢ |

**کۆتایی و دەرئەنجام :**

١-ئەم توێژینەوە یە دەمانگەیەنتە ئەو ئەنجامەی کە تاوانەی ئەنفال ئامادەکاری و پلان بۆ دارێژاروا پیشواختی بۆ تەواوی بۆ کراوە.

٢- گوندی سەرمۆرد لە قۆناغی یەکەی ئەنفالدا وێران دەکریت دانیستوانەکەی نا چاردەکریت کۆچ بکەن خاک و ئاوی و ماڵە و ئاژاڵەکانیان جێبهێڵن ئەویشی مایەوە داست بەسەربکریت بەرو زینـدا کـان بەرێبکرێـت و لە یەکجیـابکرەنەوە لە رووی رەگەزیەو نێـر و مـێ و منـداڵا پاشن ئەشکەنجە ی جەستی و دەرونی وبەشکیان بوون قوربانی .

٣-ئەم تاوانەی گوندی سەرمۆرد یەکیک لە نموونەی ئەو (٤٧٣٢) گوندی کوردستان کە بە هەمـان شـێواز جـێ بەجێکـراوە ئەمـیش تـاوانەکەی نیـودەڵەتی جینۆسـاید بە پـێ پێوەرکـانی ریکەوتنی یاسایی قەدەغی تاوانەی جینۆساید لە ساڵی (١٩٤٨) کە ئەویش بەپێ جیاکردنەوە رەگەزی و ئەشـکەنجە و ئـازار جەسـتی و دەروونـی دانانیـان لە بـاردۆخەکی سـەختدا و بـوون بە قوربـانی بەشـکیان ،ئەمـیش بەپـێ پیناسـی تـاوانەی جینۆسـاید لە یاسـاکدا هـاتوو ئەژمـار دەکریت بە تاوانەی جینۆساید .

**Abstract**

Through the history of establishing Iraq as a country, Kurds are considered as an inferior nation and have sacrificed, suffered, and faced various forms of racism by the former Iraqi authority. Once again Kurdish people have been oppressed by the surrounding and neighboring countries such as Turkey, Iran, Iraq, and Syria. I want to shed light on Southern Kurdistan which is located in the north of Iraq. One of the huge ethnic cleansings in Kurdistan is Anfal, which was experienced by the former Ba’ath regime and the Iraqi government in the previous century during the years (1987-1988) against the Kurds. Hence, at this point, many researches, documents, and data are needed to determine and demonstrate these cases that are related to the massive murder against Kurds. Sarmwd Village was the first place in the 1$^{st}$ wave of Anfal, the village is located in the valley of Jafayate in the area of Sordash in the district of Dukan. As a matter of fact, during the process of Anfal, about thirty-eight villagers were prisoned. Besides that, town, about other 4732 villages in Kurdistan went through the process of Anfal and all the residents were taken to prisons and these were part of the 182000 victims of Anfal campaign.

***Keywords*: Anfal, Genocide, Sarmwd.**

سەرچاوەو پەراوێزەکان :

**١- قوئـــــانی پیـــــرۆزه**

-٢.-C. Habib, ph. d and A. Aoudi ( MH ): Adictionary of Diplomatic terminology and International relations, Modern Institution of the Book, Tripoli- Lebanon, 2005,p 11

-٣.-C. Habib, ph. d and A. Aoudi ( MH ): Adictionary of Diplomatic terminology and International relations, Modern Institution of the Book, Tripoli- Lebanon, 2005,p 15

-٤jon cooper,Raphael lemkin and th struggle for the genocide convention, first published,2008,palgrave macmillan, p (6)

٥- مەهین دۆختی مەحاسیَب: کۆمەڵکوژی "ژینۆساید"، و.کامبیز ئیبراهیم زادة، ضاثی يةكةم ، ٢٠١٢ ، ضاثخانةى منارة، هةولێر. (١٣).

٦- فةرمان عةبدولرِةحمان: ئاكتاوكردنى رةطةزى كورد لة كوردستانى عيَراقدا: ضاثى يةكةم، ٢٠٠٦ ، لة بلاَوكروةكانى مةكتةبى بير و هۆشيارى (ى.ن.ك)، سليَمانى(٢٢).

٧-سودان وەرگێرانی زاهیر مەلا جەبار گراوەو ،تێگەیشتن لە دادگای نێودەوڵەتی تاوان دادگا نێودەوڵەتی تاوان ، چاپخانەی رۆکسان ،٢٠١٣،لا٦٧

٨- ئاوار حەسێن،جینۆساید ی کورد لە روانگە ی یاسای تاوانکاری نێودەڵەتیەوە ،چاپ یەکەم ، چاپخانەی حەمدی، ساڵی ٢٠١٧ ،ل ١٣

٩-د. سالار باسیرە، جینۆساید لە یاساکانی ریکخراوی ناتاوا یەکگرتووکان.چاپخانی پیرەمێرد،بلاوەکراوە کانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.٢٠١٤،ل٢٣

١٠-د.عومەر عەلی ، ئەنفالی قورئان و ئەنفالی صەدام، چاپخانی پیرەمێرد، سلێمانی، ٢٠١٥،ل ١٨.

١١- الراغب الأصفهاني: المفردات في غريب القرآن: الطبعة السادسة، ٢٠١٠ ، دار المعرفة للباعة والنشر والتوزيع، بيروت، لبنان.ص٢١٣ .

١٢-د.هونەر امین حسن ،پاڵنەر کانی دەستپێکی تاوانی ئەنفال چەمی زەنگە بە نموونە،گوڤاری زانکویا دهوک،ژمار (١) زانستین مروڤایەتی و کومەلناسی،سەنتەری جینۆساید ،٢٠٢١ ل ٧٧

١٣-ئەحمەد کاک محمود تەفسیری رامان لە ماناو مەبەستی قورئان، چاپی دووەم ،چاپخانی دار الفکر ، بەیروت، لوبنان ٢٠٠٩، ل٣٩٢ .

١٤-هیوا حوسین ئەمەن، تاوانی ئەنفال و کاریگەری ئابوارییەکانی لە سور کوردستان،چاپ یەکەم ،چاپخانی کارۆ.،٢٠٢١ ل ١٣٠ .

١٥-محەمەد حەمە سالح توفیق ،وەرگیرانی ،میدل ئیست وۆچ،جینۆساید لە عیراق،پالاماری ئەنفال بۆ سار کورد ،چاپخانی تیشک، سلیمانی،٢٠٠٤،ل٤٧.

١٦- د.عومەر عەلی ، ئەنفالی قورئان و ئەنفالی صەدام، چاپخانی پیرەمێرد، سلێمانی، ٢٠١٥،ل ٣٤ .

١٧-تەها سلمان ، تێگەیشتن لە ئەنفال وەک جینۆساید کورد، دەزگا رۆشنبیری و بلاوکرادنەودی جەمال حەرفان چاپخانی پیرمیرد، سلیمانی،٢٠١٣،ل٥٦

١٨- نةوشيروان مستةفا ئةمين: خولانةوة لةناو بازنةدا: ضاثى دووةم، ١٩٩٩ ، ناوةندى ضاثةمةنى و راطةياندنى خاك، سليَمانى.

١٩- ميدلَ ئيست ووٌض: جينۆسايد لة عيَراق.. ثةلامارى ئةنفال بؤ سةر كورد، وةرطيَرانى لة ئنطليزييةوة: محةمةد حةمة سالَح تؤفيق، ضاثى يةكةم، ٢٠٠٤ ، وةزارةتى رؤشنبيرى حكومةتى هةريَمى كوردستان، بةريَوةبةرايةتى خانةى وةرطيَران، ضاثخانةى تيشك، سليَمانى.

٢٠-. هيَرش مةغديد ئةحمةد و رزطار ئةنوةر خزر لة طؤظارى جينؤسايدا، لة بابةتيَكدا بةناونيشانى (شالآوى ئةنفال لة كوردستان.. سالَى ١٩٨٨ ) نووسيويانة ٢٠١٧،سليمانى ل٧٨:

٢١-سابير كۆكەى ، ناڵەى پيشمەرگە يەكە بۆ ميژەە، بەشى يەكەم ٢٠٠١،ل ٢٨٠ .

٢٢-شۆرش حاجيرسول، ئەنفالى كورد و دەولەتى عێراق، چاپى دووەم ،٢٠٠٣، ل ٧٣-٧٤ .

٢٣--عومةر محةمةد: ثةلامارة سةربازييةكانى ئةنفال لة هةشت قؤناغدا: ضاثى يةكةم، ٢٠١٣ ، لة بلآوكراوةكانى بةريَوةبةرايةتى طشتى شةهيدان و ئةنفالكراوان- سليَمانى.

٢٤- عەبدالّلا كەريم مەحمود ،رەشەبا ى ژەهرو ئەنفال بەرگى دوو ، چاپى دوو ساڵى٢٠٠٩ ل ١٣٤.

٢٥- جاسم محەمەد محەمەد عەلى ، رۆڵى هۆكارە سياسيە كان لە دابەشبوونى دانەشتونى پارێزگاى سلێمانيدا،چاپى يەكەم ،چاپخانى تيشك ساڵى ٢٠٠٨ لاپەر٧٦.

٢٦- چاوپێكەوتنى توێژەران لە گەڵ سلام فەقێ اسماعيل ،١٩٥٩،، گوندەى سەرمۆرد ،١٩٦٠، چاوپێكەوتن ١٥-١٠-٢٠٢٠ .

٢٧- د.عەبدالّلا غەفوور ،گوندەكانى كوردستان ،لەسەرژمێرى دانيشتوانى عێراقدا-١٩٥٧بەرگى يەكەم چاپى دووەم دەزگا ە چاپ ئاراس هەولير ٢٠٠٥ لاپەر١٣٢ .

٢٨- د.عەبدالّلا غەفوور ،گوندەكانى كوردستان ،لەسەرژمێرى دانيشتوانى عێراقدا-١٩٧٧بەرگى دووەم چاپى دووەم، دەزگا ە چاپ ئاراس ،هەولير٢٠٠٥ لاپەر٢٠٧

٢٩- چاوپێكەوتنى توێژەران لە گەڵ صلاح محمود عبدالرحمن ،١٩٧٨،،سەرمۆرد ،١٩٧٨، چاوپێكەوتن ٦-٥-٢٠٢١

٣٠- چاوپێكەوتنى توێژەران لە گەڵ صلاح محمود عبدالرحمن ،١٩٧٨،،سەرمۆرد ،١٩٧٨، چاوپێكەوتن ٦-٥-٢٠٢١

٣١- چاوپێكەوتنى توێژەران لە گەڵ قادرصديق عسمان ،١٩٧٧ ، ،سەرمۆرد ،١٩٧٧، چاوپێكەوتن ٣-٩-٢٠٢٠ .

٣٢- چاوپێكەوتنى توێژەران لە گەڵ زێرين فارس ،١٩٧٨ ، ،پيرمگروون ،١٩٧٧، چاوپێكەوتن ٨-٩-٢٠٢٠ .

٣٣- چاوپێكەوتنى توێژەران لە گەڵ قادرصديق عسمان ،١٩٧٧ ، ،سەرمۆرد ،١٩٧٧، چاوپێكەوتن ٣-٩-٢٠٢٠ .

٣٤- چاوپێكەوتنى توێژەران لە گەڵ صلاح محمود عبدالرحمن ،١٩٧٨،،سەرمۆرد ،١٩٧٨، چاوپێكەوتن ٦-٥-٢٠٢١

٣٥- سالار محمود،نوگرە سەلمان مەترسيدار ترين زيندان، **puk media**، ١٨-٢-٢٠١٨ .

٣٦- ، چاوپێكەوتنى توێژەران لە گەڵ سيروان گولاوى ،١٩٧٧،،سەرمۆرد ،١٩٧٨، چاوپێكەوتن ٦-٥-٢٠٢١

٣٧– چاوپێکەوتنی توێژەران لە گەڵ صلاح محمود عبدالرحمن ،١٩٧٨،،سەرمۆرد ،١٩٧٨، چاوپێکەوتن ٦–٥–٢٠٢١.
٣٨– چاوپێکەوتنی توێژەران لە گەڵ قادرصدیق عسمان ،١٩٧٧ ، ،سەرمۆرد ،١٩٧٧، چاوپێکەوتن ٣–٩–٢٠٢٠
٣٩–هەژار هوشیار مهدی،توێژەینەوە ژینۆساید گەورەترەن تاوان دەژ بە مرۆڤایەتی ئەنفالی ساڵ١٩٨٧– ١٩٨٨ گوڤاری ئانفالناسی بۆ ژینۆساید و ئەنفال ، ژمارە (٣) ساڵی )٢٠١٩) . سلیمانی .
٤٠– چاوپێکەوتنی توێژەران لە گەڵ خونجە کریم حسن ،پیرمگروون ،١٩٤١، چاوپێکەوتن ٢–٤–٢٠٢١ .

*تويَذةر : هةذار هوشيار مهدى
زانكؤى ضةرموو سةنتةرى تويَذينةوة بؤ تاوانةكانى ئةنفال و جينؤسايد
ماستةر لـة ياسـايي طشـتى ،تـاوان و سزا ،ضـؤنيةتى قةرةبووكردنـةوةى قوربـانيـانى جينؤسـايد ٢٠١٩.
نووسين :يةكة ثةرتووك ئةنفالى ناوضةى شيَخان ،سيَ تويَذينةوةى لة بوارى ئةنفالدا،نووسين ضةند بابةت لة طؤظار و رؤذنامة و سايت لةسةر ئةنفال و جينؤسايد.
المستشار التحكم الدولي ٢٠١٥.
سفير سلام فى حقوق الانسان
توێژەر : زرار عەلی قادر
زانکۆ چەرموو سەنتەر توێژینەوە بۆ تاوانەکانی ئەنفال و جینۆساید
بکالورس لە مێژوو .
خاوەنی ١٢ پەرتوکی چاپکراو بە نووسەن و وەرگیرانە.